# راپۆرتێك لە سەر کار و چالاکیەکانی ئۆرگان و بەشەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری ( ٢٧٠٨ی کوردی )

## بەشی یەکەم

ئێوارەی رۆژی یەکشەممە ١٦ی مارسی ٢٠٠٨، بە ئامادە بوونی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، یادی شیمیایی بارانی شاری هەڵبجە کرایەوە. رێ و رەسمەکە بە سرودی نەتەوەیی کورد دەستی پێ کرد، دوای سرودی نەتەوەیی ئەی رەقیب، نوێنەری هێز لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پەیامیان خوێندەوە. لە دوای خوێندنەوەی پەیامی هێز و لایەنە سیاسیەکان دوو فیلم لە سەر کارەساتی شیمیایی بارانی هەڵبجە نمایش کرا. پەیامی کۆمیتەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەلایەن خوشکە نیهایەت شەریعەتپەناوە خوێندرایەوە.

سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە ٢٠٠٨/٥/١٤، سەید کامیل نوورانی فەرد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی دەفتەری پێوەندی سلێمانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران سەردانی پێوەندیەکانی پارتی یەکێتی کوردی سوریای کرد و لەلایەن بەرێز عەبدولباقی یوسف ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی پێوەندی سلێمانی پارتی ناوبراوەوە پێشوازی لێ کرا.

لە دانیشتنێکی یەك سەعاتەدا هەردوولا لە سەر نزیکی و پتەوی پێوەندی سازمان و پارتی یەکێتی کورد کۆك بوون.

رۆژی شەممە ٧ی بانەمەڕی ١٣٨٧، هەر دوو کۆمیتەی سازمانی خەبات و کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وەڵاتی نۆروێژ کۆبوونەوە و لە سەر پێوەندی و هاوکاری نێوانیان قسە و باسیان کرد. بەرێزان کاك عەبدوڵا قادری بەرپرسی کۆمیتەی نۆروێژ و کاك مەحمودی یوسفی بەرپرسی پێوەندی کۆمیتەی نۆروێژ بەشداری ئەو کۆبوونەوە بوون، لە کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرێزان: ساڵح وەلیزادە و گەلاوێژ محەممەدی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

رۆژی یەکشەممە ٨ی بانەمەڕی ١٣٨٧، لە شاری ڤانکۆڤەری کانادا کۆنگرەی کۆمیتەی کوردان لەو وەڵاتە بەرێوەچوو.

لە هەوڵەکان بۆ پێك هێنانی ئەو کۆمیتەیە لە شاری ڤانکۆڤەر، کۆمیتەی کانادای سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران چالاکانە بەشداری کرد و خوشکە تابان بەرپرسی کۆمیتەی کانادای سازمانی خەبات وەك یەکێك لە ٩ ئەندامی ئەنجومەنی کۆمینتی کوردی لە شاری ڤانکۆڤەر هەڵبژێردرا.

ئێوارەی رۆژی شەممەی ٣ی مانگی ساڵی ٢٠٠٨، بۆ رێز گرتن لە رۆژی کرێکار و پشتیوانی کردن لە خەبات و داخوازیەکانی چینی نەحەساوەو زەحمەتکێشانی کۆمەڵگای کوردستان، کۆمیتەی هاوکاری کۆمەڵە کوردیەکان بە پشتیوانی کۆمیتەی هێزە سیاسیەکان رێ و رەسمێکی شکۆمەندی لە شاری لین شۆپینگ بەرێوەبرد.

بەرێز کاك جەلال خۆشکەلام ئەندامی کۆمیتەی سوئیدی سازمانی خەبات و خوشکە هێرۆ حوسێنی پێشکەش کارانی ئەو ئاهەنگە بوون، لە دوای یەك دەقیقە بێ دەنگی بۆ رێز گرتن لە شەهیدانی رێگای ئازادی کورد و کوردستان چەندین پارچە شیعر و پەخشان پێشکەش کران و کۆڕەکە بە سرود و گۆرانی کۆتایی پێ هات.

سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٨/٥/٢٢، شاندێکی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا بە سەرۆکایەتی بەرێز عەبدولباقی یوسف ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی پێوەندی سلێمانی پارتی یەکێتی کورد سەردانی دەفتەری پێوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کرد و لەلایەن بەرێز سەید کامیل نوورانی فەرد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندی سلێمانی و بەکر نادری کادری پێوەندیەکان پێشوازیان لێ کرا. لەو کۆبوونەوەدا کە نزیك بە ٢ سەعاتی خایاند چەندین تەوەری ناوچە و هەل و مەرجی رژیمەکانی ئێران و سوریە هاتنە بەرباس و هەردولا لە سەر مەسەلەکان هاوڕا بوون.

ئێوارەی رۆژی سێ شەممە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٨٧، هەیئەتێکی سەرکردایەتی سازمانی خەبات کە پێك هاتبوون لە بەرێزان کاك بێهروز ئەردەڵان و کاك محەممەد محەممەدی ئەندامانی کۆمیتەی بەشداریان کرد لە رێ و رەسمی ٣٣هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە شاری سلێمانی بەرێوە چوو و بەرێزان مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدرال و کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی رێ و رەسمەکە بوون.

رۆژی یەکشەممە ١٩ی جۆزەردان کۆمیتەی کانادای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبۆنەی ٣٣هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کۆڕێکی بەرێوەبرد کە ژمارەیێك لە نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیەکان ئامادەی بوون.

خوشکە تابان بەرپرسی کۆمیتەی کانادای سازمانی خەبات کە بە رەسمی بانگهێشتی ئەو رێ و رەسمە کرابوو پەیامی کۆمیتەی سازمانی پێشکەش کرد.

رۆژی دووشەممە ١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٧، بەرێز کاك بابەشێخی حوسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی هەیئەتێك کە پێك هاتبوون لە بەرێزان: کاك بێهروز ئەردەڵان، کاك محەممەد محەممەدی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کاك عەلی بەهرامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن بەرێزان: کاك حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی و کاك محەممەد نەزیف قادری و کاك تەیموری مستەفایی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کاك سەید برایمی هاشمی و کاك رۆستەمی جیهانگیری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کاك تاهیر مەحمودی کادری سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازیان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی ٣ سەعاتەدا چەندین مەسەلەی پێوەندیدار بە جووڵانەوەی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی سەرتاسەری لە ئێران قسەیان لە سەر کرا و لە سەر چەندین پرسی دیکە ئاڵ و گۆڕی بیروڕا کرا.

رۆژی شەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٨٧، شاندێکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی بەرێز کاك بابەشێخی حوسێنی سکرتێری گشتی و هاورێیەتی بەرێزان کاك بێهروزی ئەردەڵان و کاك سەید کامیل نوورانی فەرد ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کاك بەختیاری عەزیزی جێگری کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران سەردانی بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرێزان کاك عومەری ئیلخانی زادە، رەزا کەعبی، حوسێن شەبەق، حامید کۆنەپووشی و نەوید مێهرئاوەر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەمیر سەڵواتی جێگری کۆمیتەی ناوەندی پێشوازیان لێ کرا.

لە میانەی ئەو چاوپێکەوتنەدا کاك بابەشێخی حوسێنی پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەی بە شاندی کۆمەڵە کرد و لەو دیدارەدا باس لە رەوشی ئەمرۆی کوردستان و ئێران کرا و دوولایەن پێداگریان لەسەر دۆستایەتی و هاوکاری کردەوە.

بەشداری شاندێکی سازمان لە رۆژی پەنابەردا: ئاوارەکانی مەخمور و گردەچاڵ و کەمپی کاوە بە هاوکاری کۆمیساریای بەرزی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی پەنابەریان جێژن گرت.

لەم جێژنەدا کە نوێنەری هێز و لەلایەنە سیاسیەکان و بەرێوەبەرانی حکومی و بیانی بەشدار بوون هەیئەتێکی سازمانی خەباتیش بەشدار بوو کە شاندەکە پێك هاتبوو لە بەرێزان: کاك بێهروزی ئەردەڵان و کاك محەممەدی محەممەدی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کاك عەلی بەهرامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری کۆمیتەی ئافرەتان کە پێك هاتبوون لە بەرێزان خوشکە مریەم حوسێنی و خوشکە شیلان محەممەدی.

سەر لە ئێوارەی رۆژی دووشەممە ١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٧بەرانبەر بە ٢٠٠٨/٦/٣٠، شاندێکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کە پێك هاتبوون لە بەرێزان: بێهروز ئەردەڵان و محەممەد محەممەدی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و رەحمان پوورکەریمی کادری پێوەندیەکان، بە مەبەستی پیرۆزبایی ١٥هەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی شیوعی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیان کرد و لەلایەن بەرێزان کەمال شاکر سکرتێری گشتی حیزبی شیوعی و ئەبووتارا پێشوازی کران و هەیئەتی سازمانی پەیامی پیرۆزبایی سازمانیان پێشکەش کرد.

رۆژی شەممە ٢٨ی ژوئەنی ٢٠٠٨، لە یادی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت دا لە شاری ڤانکۆڤەری کانادا رێ و رەسمێك بەرێوەچوو کە کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەشداریان تێدا کرد.

ئەو رێ و رەسمە لە سەعات ٧ تا ٩:٣٠ دەقیقە درێژەی کێشاو، خوشکە تابان پەیامی کۆمیتەی کانادای سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانی خوێندەوە.

ئێوارەی رۆژی شەممە ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٨٧، بەرێزان کاك بێهروز ئەردەلان و کاك محەممەد محەممەدی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەشداری پرسەی سێ شەهیدی حیزب دیموکراتی کوردستان یان کردو پەیامی سەرە خۆشی و هاوخەمی سازمانی خەبات یان پێش کەش بە حیزبی دیموکراتی و رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەس و کاری ئەو سێ شەهیدە کرد.

رۆژی شەممە ٢ی خەرمانانی ١٣٨٧ ـ ٢٠٠٨/٨/٢٣، بەرێز و تێکۆشەر کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتی سازمان و ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازیان لە نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیە دۆستەکانی کوردستان کرد کە بە بۆنەی بیست و هشتەمین ساڵیادی دامەزرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران سەردانی بنکەی پێوەندییەکانی هەولێریان کرد بوو.

نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیەکان پیرۆزبایی گەرمی خۆیان بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی سازمان پێش کەش بە رێبەرایەتی سازمان کرد و سەرکەوتن و گەشەسەندنی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان لە خزمەت بە گەلی کورد بە ئاوات خواست و لە سەر پێوەندی و دۆستایەتی زیاتر پێ یان داگرتەوە.

ئەو هێز و لایەنە بەرێزانەی سەردانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان کرد بوو، بریتین لە:

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
حیزبی دیموکراتی کوردستان
پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان
پارتی ئازادی کوردستان
بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان
بزوتنەوەی چاکسازی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان
پارتی ئازادی کورد لە سوریە
پارتی دیموکراتی کورد لە سوریە (الپارتی)
پارتی یەکێتی کورد لە سوریە
یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان
پارتی پارێزگارانی کوردستان
یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریە

سەعات ١١ی پێش نیوەرۆی رۆژی شەممە ١٩ی گەلاوێژ، هەیئەتێکی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی کاك مەلا حەسەنی رەستگار، سەردانی سەرکردایەتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن بەرێز کاك بابەشێخ، سکرتێری گشتی و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەرێزان بێهروز ئەردەڵان، سەیید کامیل نوورانی فەرد و محەممەد محەممەدی و مشاویرانی کمیتە ناوەندی کاك بەختیاری عەزیزی و عەلی بەهرامی پێشوازییان لێکرا.

لەدیدارێکی ٣ ساعەتەدا، باسی پێوەندییەکان لەنێوان هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران و هەوڵ بۆ یەکخستنی ریزەکانی جوڵانەوەی گەلی کورد کرا.

لەبەشێك لەکۆبوونەوەکە دا بەرێز مامۆستا سەیید جەلال الدین حسێنی، کەسایەتی تێکۆشەر و ناسراوی کورد و دامەزرێنەری سازمان بەشدار بوو.

لەکۆتایی دا هەر دوولا لەسەر بەردەوام بوونی راوێژکردن لەسەر پرسە نەتەوەییەکان دۆستایەتی و هاوکاریی پێیان داگرتەوە.

رۆژی چوار شەممە ٦ی خەرمانان ١٣٨٧، بەرێز کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات پێشوازیان لە بەرێز محمود محەممەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ئازادی کورد لە سوریە، بەرێز ئەبوو سابر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریە (یەکێتی)، بەرێز عەلی شەمدین ئەندامی پارتی پێشڤەرۆی کورد لە سوریە کرد.

لە کۆبوونەوەیێکدا کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند هەیئەتی میوان پیرۆزبایی خۆیان بەبۆنەی ٢٨ مین ساڵرۆژی دامەزرانی سازمانی خەبات بە رێبەرایەتی سازمان پێش کەش کرد و لە سەر دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ سازمانی خەبات پێ یان داگرتەوە. لەو کۆبوونەوەدا باس لە هاوکاری و دۆستایەتی نزیك لە نێوان هێز و لایەنە سیاسیەکان کوردستان بەتایبەت ئەو هاوکاریەی کە لە نێوان ١٢ پارتی کوردستانی لە هەر چوار بەشی کوردستان هەیە کرا.

رۆژی یەك شەمە ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٨٧ شاندێکی کومیتەی سوئێدی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کە پێك هاتبوون لە بەرێزان کاك رێبوار حسینی و کاك جەلال خوش کەلام لەگەل شاندێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پێك هاتبوون لە بەرێزان کاك عەلی باڵەکی بەرپەرسی کومیتە خوشکە ئایشە محەممەدی و کاك جەعفەرمەعروفی و کاك عەلی ئاس کاك ئەحمەد دولکانی و کاك محەممەد ئەلیاسی لە شاری لێن شوپینگ کوبوونە وەو لەو کوبونەوە دوستانەدا باسی لە پێوەندی نێوان سازمانی خەبات و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرا و لە سەر هاوکاری نێوان هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ووت وێژیان کردو هەروەها چەند باسی دیکە قسەیان لە سەرکرا.

هەر دولا لەسەر بەردەوام بوونی هاوکاری و دوستایەتی پێ یان داگرتەوە

رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٦ وەفدێکی کۆمیتەی نۆروێژی سازمانی خەبات کە پێك هاتبوون لە بەرێزان کاك عەبدوڵلا قادری، کاك مەحمود یوسفی، کاك لەتیف نادری، لە رێ و رەسمی ٢٥ ی گەلاوێژ ٦٣ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەشاری ئۆسلۆ بەشداریان کرد. ئەو رێ و رەسمە لە سەعات ٦و٣٠ دەقیقەی ئێوارە دەستی پێ کرد و هێئەتی کمیتەی نروژی سازمان لەلایەن بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەگەرمی پێشوازیان لێ کرا، و بروسکەی کۆمیتەی نۆروێژی سازمانی خەباتیان پێش کەش کردن.

ئێوارەی رۆژی شەمە ٢٨ی گەلاوێژ لە سەر داوای کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سوئێد، شاندێکی کومیتەی سوئێدی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە شداری رێ و رەسمی ٢٥ ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دەمەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە شاری ڤێستڕۆسی سوئێد، کرد.

شاندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پێك هاتبوو لە بەرێز کاك ساڵح مەحمودی ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری کومیتەی سوئێد و کاك کامران عەتتاری

لەو رێ و رەسمەدا پەیامی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە لە لایەن کاك کامران عەتتاری (شەماڵ) ەوە لەو رێ و رەسمەدا پێشکەش کرا.

رۆژی شەمە ٢٠٠٨/٨/٢٣ شاندێکی کومیتەی نوروێژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە رێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژ، ٦٣هەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە وەڵاتی نوروێژ بەشداریان کرد. شاندی کومیتەی سازمان کە پێکهاتوون لە بەرێزان کاك عەبدوڵلا قادری بەرپرسی کومیتە و کاك مەحمود یوسفی بەرپرسی پێوەندییەکان و کاك عومەری کەریمی ئەندامی کومیتە بە گەرمی لەلایەن کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشوازیان لێکرا و پەیامی پیرۆزبایی سازمانیان بەو بۆنەوە پێش کەش کرد.

بەبۆنەی ٥ی خەرمانان ٢٨مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی سازمان بە بەربڵاوی وێنەی شەهیدان و دروشمی جۆراوجۆر و وێنەی رێبەرایەتی سازمانیان لە چەند گەرەکی شارۆچکەی رەبەت بە بەربڵاوی بڵاو کردەوە.

ئەو گەرەکانەی کاری تەبلیغیان تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە:

گەرەکی سەرچاوە، دەوروبەری مزگەوتی گەورە، جادەی لیلانێ، جادەی کانی گوێز و هەروەها لە دێی سارتکێ ، نستان، لیلانی، بناویلێی گەورە کاری تەبلیغی بەرێوەچووە.

بەبۆنەی ٥ی خەرمانان ٢٨مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات لە شاری بۆکان کاری تەبلیغیان بەرێوە برد.

ئەو گەرەکانەی کاری تەبلیغیان تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە:

شەهرەکی فەرهەنگیان، کولتەپە، پۆمپی بەنزین، رێگای سەقز- بۆکان، بازاری حەیوان. هەروەها لە دێهاتەکانی قاراوا، کەرێزەی گڵی، بۆگەبەسی، سەیداوای جمیان، قاقڵاوە، خولاماڵی، قولقولە، کوێرەکانی، سلامەت، گڵۆلانی خوار و سەروو، قەرەگوێز، یاغیان، گوێزێ، شێخ چۆپان، مێرگەنەخشینە، زاواکێو، مووسێ، گەنمان.

لەو چالاکیە بەرینەدا تراکت و نووسراوەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و وێنەی شەهیدان و رێبەری سازمان بڵاو کرانەوە کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵك بەرەورو بوو.

ئەندام و لایەنگران و دۆستانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە شاری بانە بەبۆنەی هاتنی ٥ی خەرمانان ٢٨مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی سازمان بە شێوەیێکی بەرین وێنەی شەهیدان و دروشمی دژی رژیم و وینەی رێبەری سازمان یان بڵاو کردەوە. ئەو گەرەك و شوێنانەی کاری تەبلیغی تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە:

دوکانان، پیرمراد، گولشەهری ١ و ٢، هوتێل سامان، پاساژی خدری و نووری، بازاری کەوش فرۆشەکان، دەوروبەری ترمیناڵی هەژیر، گەڕەکی ئازادگان، پارکی موعەلیم، گەڕەکی پادگان و کوی فەرهەنگیان.

هەروەها لەم دێ یانە کاری تەبلیغی کراون، بەردەڕەش، سووتوو، پیاوێن، نجنێ سەروو، شێنان، مەریجەلان، کۆخان، سیوچ، ساوانی شەهیدان، کەوپێچی خواروو و سەروو، کانی سوور، شوێ، نژۆ، کەریم ئاوا، چیچۆران، بۆیەنی خواروو.

بە پێی هەواڵ بە بڵاو بوونەوەی تراکت و نووسراوەکانی سازمانی خەبات خەڵکی ئەو شوێنانە زۆر دڵ خۆش بوون. تراکت و وێنەکانیان هەڵ دەگرتەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات بەبۆنەی ٥ی خەرمانان ٢٨مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی سازمانی خەبات، لە شاری سنە چالاکی تەبلیغاتیان بەرێوە برد.

لە چالاکی تەبلیغی ئەندامان و لایەنگرانی سازمان، خیابانی فەرەح، قەتارچیان، مەیدانی ئیقباڵ، ترمیناڵ، مزگەوتی گەورە، شەریف ئاوا بە بەربڵاوی کاری تەبلیغاتیان تێدا بەرێوەچوو.

هەروەها ئەندامان و دۆستانی سازمان لە رێگەی موبایل و تەلەفوون دەستی، دەیان شیعاری سازمانیان بۆ خەڵك و دۆستان و ناسیاوانیان بەرێ کرد کە تیایاندا هاتبوو، پیرۆز بێ پێنجی خەرمانان، بژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بیست و هشتمین سالگرد تأسیس سازمان خەبات کردستان ایران گرامی باد.

بەبۆنەی٥ی خەرمانان ٢٨ مین ساڵیادی دامەزرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ئەندامان و لایەنگرانی سازمان لە شاری سەقز بەشێوەییکی بەر بڵاو کاری تەبلیغی یان بەرێوەبرد کە بووەجێی سەرنجی خەڵکی تێکۆشەری شاری سەقز.

ئەو گەڕەکانەی شاری سەربەرزی سەقز کە کاری تەبلیغی یان تێدا بەرێوە چوو بریتین لە گەڕەکی سێلۆ، بلواری سەقز- بانە، دەورو بەری زیندان. دەورو بەری ترمیناڵ، بلواری سەقز ـ سنە گەڕەکی بەهارستان، شەهرەکی جەدید.

رۆژی یەکشەممە ١٧ی خەرمانانی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری ـ ٢٠٠٨/٩/٧ ، بەرێز کاك عەبداڵە موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و هەیئەتێکی هاورێ کە پێك هاتبوون لە بەرێزان زاگرۆس خوسرەوی و ئەنورمەحموودی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، عەلی جەواهیری جێگری کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی بنکەی رێبەرایەتی سازمانی خەبات یان کرد لە تۆبزاوای سەر بە پارێزگای هەولێر و لەلایەن بەرێز کاك بابەشێخ حسەینی سکرتێری گشتی سازمان و بەرێزان بێهروز ئەردەڵان و محەممەد محەممەدی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەختیار عەزیزی و عەلی بەهرامی ئەندامانی جێگریی کۆمیتەی ناوەندی پێشوازیان لێکرا.

لە کۆبوونەوەی نێوان هەیئەتی سازمانی خەبات و هەیئەتی کۆمەڵە، جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران باسی لێکرا و هەردوولا بۆچوونەکانی خۆیان لەو پێوەندیەدا خستە روو، هەروەها لە سەر پێوەندی و دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان هێزە رەسەنەکانی کوردستان ووتوویژ کرا.

هەردووهەیئەت لە هەوڵ بۆ هاوکاری و دۆستایەتی زیاتر پێ یان داگرتەوە. لە دواییدا، بەرێز کاك عەبدواڵە موهتەدی و هاورێ یانیی بە رێزەوە لەلایەن کاك بابەشێخ حسەینی و ئەندامانی سەرکردایەتی سازمان بەرێ کران.

**درێژەی هەیە....**